هەواڵگری سەربازی دەستگیرکردنی شەش تیرۆریستی ڕاگەیاند

بەوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی ئەمڕۆ پێنجشەممە ، دەستگیرکردنی شەش ئەندامی چەتە تیرۆریستییەکانی داعشی لە بەغدا و ئەنبار و نەینەوا ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوەکی بەوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازیدا هاتووە، ”ئەپەراسیۆنی چەنایەتیی جیاجیا بە پێی زانیارییە هەواڵگرییە دروستەکان لەلایەن فیرقەی سەرکردایەتی فیرقەکانی دە و شانزە و حەفدەی سەر بە بەوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی ئەنجامدراوە و بە هاوکاری لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ئامادەبوو لە ناوچەکانی بەرپرسیارەتی، و لە ڕەگەی بەسەی وردەوە.“ لە ئەنجامدا (٦) ئەندامی باندە تیرۆریستییەکانی داعش دەستگیرکران.“ لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "ئەو تیرۆریستانە لەلایەن دەسەاتی دادوەرییەوە داواکراون بەپێی بڕگەکانی ماددەی (4/تیرۆر) لە قەزای ڕەمادی و فەللوجە و قەزای گەیارە و لەتیفیە"، ئاماژەی بەوەشکردووە، "دوای گرتنەبەری ڕەوشونی یاسایی پەویست بەرامبەریان هادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران".